East Kent Hospitals University NHS Foundation Trust

**کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە**

**زانیاری بۆ ژنان و ئەوانەی منداڵیان دەبێت و خێزانەکانیان**

ئەم نامیلکەیە ڕوونی دەکاتەوە کە لە کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە چی ڕوودەدات.

زۆربەی خانمان یان ئەو کەسانەی منداڵیان دەبێت دوای 37 هەفتەی دووگیانی منداڵەکەیان لەدایك دەبێت. ئەمەش بە منداڵبوونی 'تەواو' ناسراوە. نزیکەی ٨ لە هەر ١٠٠ منداڵ لە بەریتانیا پێش 37 هەفتەی دووگیانی لەدایك دەبن. ئەمەش پێی دەوترێت منداڵبوونی 'پێشوەختە' یان 'منداڵبوونی کۆرپەی ناکام.'

زۆربەی منداڵە پێشوەختەکان واتا ناکامەکان باشن، بەڵام ڕەنگە چەند کەسێکیان کێشەی درێژخایەنیان هەبێت. ئەگەر مامانەکەت یان پزیشکەکەت پێی وایە کە لەوانەیە تۆ مەترسی منداڵبوونی پێشوەختەت لەسەر بێت، ئەوا ڕەوانە دەکرێیت بۆ کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە.

**بۆچی ڕەوانەی کلینیك کراوم؟**

کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە چاودێری زیاتر بۆ ئەو ژنانە و ئەو کەسانەی منداڵیان دەبێت دابین دەکات کە لەوانەیە مەترسی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی منداڵێکی زۆر زوو لەدایك بێت (منداڵی ناکام). ئەمەش لەوانەیە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار بێت، لەوانە ئەمانەی خوارەوە.

- منداڵبوونێکی پێشوو کە پێش ٣٤ هەفتە لەدایکبووە.
- لەبارچوونێکی درەنگی پێشوو (١٦ بۆ ٢٤ هەفتە لە دووگیانیت).
- منداڵبوونی پێشووی بە نەشتەرگەری قەیسەری، کاتێك ملی ڕەحمت پێشتر ١٠سم فراوان بووە.
- 'سەرئاوەکانت' (کیسی ئەمنیۆسی) پێش ٣٤ هەفتە لە دووگیانییەکی پێشوودا شکا.
- نەشتەرگەرییەکی پێشوو بۆ ملی ڕەحمت، دوای پشکنینی سمیرێکی نائاسایی لە ملی ڕەحم.
- تەقەڵێکی دوورینەوەی پێشوو بۆ ملی ڕەحمت بۆ ئەوەی زۆر زوو نەکرێتەوە (بەستنی ملی ڕەحم ) یان ئێستا تەقەڵێکت لە شوێنی خۆیدا هەیە.
- شێوەی نائاسایی ڕەحمت هەیە.

ئەگەر یەکێك یان زیاتر لەم هۆکارانەی مەترسیت هەیە، ئەوا بانگهێشت دەکرێیت بۆ کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە. ئێمە پێداچوونەوە بە دووگیانییەکانی ئێستا و ڕابردووت دەکەین و پلانی چاودێریت بۆ دادەنێین. مەرج نیە ئەمە بەو مانایە بێت کە منداڵی پێشوەختە یان درەنگ لەبارچوونت دەبێت.

**کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە چی دەکات؟**

Classified - General

ئامانجی کلینیکەکە کەمکردنەوەی ئەگەری لەبارچوونت لە درەنگ یان منداڵبوونی پێشوەختە. هەروەها ئەگەر مەترسی زۆر هەبێت کە منداڵێکی پێشوەختەت هەبێت، هەوڵدەدەین تا دەتوانین ئەمە دوابخەین، بۆ ئەوەی یارمەتی تۆ و کۆرپەکەت هەردووکتان بدەین.

لە کلینیکەکەدا پزیشکی ڕاوێژکاری منداڵبوون دەبینیت. باسی دووگیانی ئێستات دەکەین، و هەر ئەنجامێکی پشکنین و دووگیانی پێشووت. ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ ئەوەی تێبگەین کە چی ڕوویداوە و بزانین ئایا ئەگەری دووبارەبوونەوەی زیاترت هەیە یان نا. ئێمە پێکەوە پلانی چاودێری بۆ تۆ دروست دەکەین، کە ڕەنگە لە کاتی دووگیانیتدا یارمەتیدەر بێت. ئەمەش بریتی دەبێت لە، چاودێریکردن بۆ تۆ و کۆرپەکەت، چارەسەرەکان، یان دەستتێوەردانەکان. هەر ژنێك و کەسێك کە منداڵی دەبێت پلانی چاودێری تایبەتی خۆی هەیە. هەموو دووگیانیەکان جیاوازن و پلانەکەمان تاکەکەسییە بۆ تۆ.

هەروەها ئێمە پشتگیریت دەکەین لەو کاتەی کە ڕەنگە کاتێکی دڵەڕاوکێ بێت بۆت. زۆرجار، دوو سێ جار لە کلینیکدا دەتبینین بۆ ئەوەی دڵنیات بکەینەوە کە دووگیانیەکەت بە باشی بەڕێوەدەچێت. پاشان لە دەوروبەری 26 بۆ 28 هەفتەی دووگیانیت لە کلینیکەکە دەردەکرێیت. دواتر زۆربەی ژنان و کەسانی کە منداڵیان دەبێت دەتوانن لەلایەن مامانە ناوبراوەکەیان و پزیشکی گشتی منداڵبوون و پزیشکی گشتی چاودێری بکرێن.

گرنگە لەوە تێبگەیت کە هەرچەندە چاودێریکردن و چارەسەرکردن لەوانەیە چانسی منداڵبوونی پێشوەختە یان درەنگ لەبارچوونت کەم بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە هەمیشە ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت یان ڕێگری لێبکرێت.

**لە کلینیکدا چی ڕوودەدات؟**

سەرەتا لەلایەن پزیشکی منداڵبوون و مامانی کلینیکەکەوە دەبینرێیت. ڕەنگە چاوپێکەوتنەکەت لە نێوان ٣٠ بۆ ٦٠ خولەکدا بخایەنێت، بۆیە تکایە ئەم ماوەیە تەرخان بکە. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەتدا:

- مێژوویەکی ورد وەردەگیرێت و هەر حەساسیەتێك کە هەتبێت تۆماری دەکەین. لەوانەیە ئێمە پێشتر هەندێك شت بزانین دەربارەی منداڵبوونی پێشووت و مێژووی پزیشکی گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە پرسیارت لێدەکەین چونکە ڕەنگە تۆ هەندێك زانیاری نوێمان پێ بدەیت.
- پشکنینی سوابت بۆ دەکرێت (لە زێ واتا دامێنت وەردەگیرێت). ئەمەش بۆ پشکنینی هەوکردنەکانی زێی بەکتریایی (زێی بەکتریا) و بەکتریای سترێپتۆکۆکۆسی گرووپی ب. ئەم هەوکردنانە باو نین، بەڵام ئەو ئافرەتانە و ئەو کەسانەی منداڵیان دەبێت کە تووشی ئەم هەوکردنانە دەبن، ئەگەری منداڵبوونی پێشوەختەیان زیاترە. چارەسەری دروست لەوانەیە ئەم مەترسییە کەم بکاتەوە. ئەگەر هەوکردنێك دۆزرایەوە چارەسەر بە دەرمانی ئەنتی بایۆتیکی گونجاو ڕێکدەخەین. هەروەها هانی تۆ و هاوسەرەکەت دەدەین کە بێن بۆ کلینیکی پزیشکیی کۆ ئەندامی میز و کۆئەندامی زاوزێ (گەم). ئەمەش بۆ پشکنینی تەندروستی سێکسییە.
- ئێمە پشکنینی میزەکەت دەکەین بۆ هەوکردن. ئێمە ئەمە بە هەمان شێوەی مامانی کۆمەڵگاکەت دەکەین، کاتێك لە چاوپێکەوتنەکانی کلینیکەکەتدا پشکنین بۆ میزت دەکەن. ئەگەر هەر نیشانەیەکی هەوکردن لە میزەکەتدا هەبێت، پشکنینی میزی ناوەڕاستی لێشاو (م س یو)ت بۆ دەکرێت. پشکنینی میزی ناوەڕاستی لێشاو (م س یو) واتە میزەکەت دەنێردرێت بۆ پشکنینی تاقیگەیی قووڵتر. بەزۆری ئەنجامەکان دوای نزیکەی ٤٨ کاتژمێر بەردەست دەبن، بەڵام لەوانەیە تا ٧ ڕۆژ بخایەنێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەیت کە ڕەنگە هەندێك هەوکردن هیچ نیشانەیەکت پێ نەدات. گرنگە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی منداڵبوون بکەیت ئەگەر هەستت بە نەخۆشی کرد یان هەر نیگەرانییەکت هەبوو. ژمارەکە لە خوارەوەی ئەم نامیلکەیە یان لە یاداشتە ڕەنگ مۆرەکەی منداڵبوون.

- لەوانەیە ئێمە ئەسپرین بە ژەمی کەم (١٥٠ ملگم)تان پێشکەش بکەین. تۆ دەتوانیت تا ١٦ هەفتە دەستپێبکەیت بە خواردنی ئەم دەرمانە، ئەگەر پێویستت پێی بوو. پێشنیار دەکەین ئەم دەرمانە بخۆیت ئەگەر:
    - o لە دووگیانی پێشووتدا منداڵێکی بچووك یان ژەهراویبوونی دوگیانیت هەبوو لە دووگیانی پێشوو ؛ یان
    - o ئەگەری تووشبوونت بەم ئاڵۆزیانە لەم دووگیانیەدا زیاترە.

Classified - General

- پەستانی خوێنت پشکنینی بۆ دەکرێت. بەرزبوونەوەی بەرچاوی پەستانی خوێن لە کاتی دووگیانیدا لەوانەیە ئەگەری منداڵبوونی پێشوەختە زیاد بکات.

- سکانێکی سۆنەرت بۆ دەکرێت بۆ پێوانەکردنی درێژی ملی ڕەحم. ئەمەش پێی دەوترێت سکانی سۆنەر لە ڕێگەی زێ واتا دامێنت. لەم سکانەدا پشکەری سۆنەر دەخرێتە ناو زێ. پێویستە میزڵدانەکەت بەتاڵ بێت بۆ ئەم سکانە. پێوانەکردنی درێژی ملی ڕەحم بەسوودە، چونکە دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ بەڕێوەبردنی چاودێریکردنەکەت بە شێوەیەکی گونجاو. کورتبوونەوەی ملی ڕەحم یان گۆڕانکاری بەرچاو لە ملی ڕەحمدا لەوانەیە ئەگەری منداڵبوونی پێشوەختە یان درەنگ لەبارچوونت زیاد بکات.

**ئەگەر چانسی منداڵبوونی پێشوەختە یان درەنگ لەبارچوونم زیاتر بێت چ چارەسەرێکم پێشکەش دەکرێت؟**

کۆمەڵێك چارەسەر هەیە کە ڕەنگە پێشکەشت بکەین. لەوانە یەکێك یان زیاتر لەمانەی خوارەوە.

- بەستنی ملی ڕەحم (تەقەڵی ملی ڕەحم)، کە تەقەڵێك دادەنرێت لە دەوری ملی ڕەحمت. ئەمە ڕێکارێکی نەشتەرگەری ڕۆژانەیە کە لە نەخۆشخانە لە ژێر دەرمانی بێهۆشکەری بڕبڕەی پشت یان بەنجی گشتی ئەنجام دەدرێت. دەرمانی بێهۆشکەری بڕبڕەی پشت ناوچەکە بێهۆش دەکات واتا سڕ دەکات بەڵام تۆ بەئاگایت بۆ نەشتەرگەرییەکە. بە دەرمانی بێهۆشکەری گشتی دەخەویت. پزیشکی بێهۆشکەر وەڵامی هەر پرسیارێکت دەداتەوە .زانیاری زیاتر لەسەر ملی ڕەحم لە ماڵپەری کۆلێژی شاهانەی پزیشکانی منداڵبوون و ئافرەتان (ر س ئوو ج) دەستدەکەوێت.

- دەتوانرێت تەحامیل واتا پیساری پرۆجسترۆن (هۆرمۆنی) بخرێتە ناو زێ یان کۆم تا ٣٤ هەفتەی دووگیانی.

- دەتوانرێت دەرمانی ئەنتی بایۆتیك بنووسرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر هەوکردنێك کە لە پشکنینی میز یان پشکنینی سوابەکەت دۆزرایەوە.

- دەتوانن ڕەوانەت بکەن بۆ مامانی پسپۆڕی وازهێنان لە جگەرەکێشان (وازهێنان لە جگەرەکێشان).

- ئەگەر چانسی منداڵبوونی پێشوەختەت زۆر بەرزە دوای 24 هەفتە، لەوانەیە ئێمە پێشکەشت بکەین:
    - دەرزی ستیرۆید بۆ یارمەتیدانی سییەکانی منداڵەکەتە، و / یان
    - دەرمانێکە کە پێی دەوترێت مەگنیسیۆم سەلفەیت.

دەرزی ستیرۆید لەسەر بنەمای عەیادەی دەرەکی یان نەخۆشی داخڵکراو لە نەخۆشخانە دەدرێت. ئەمەش بەندە بە پلانی چاودێریکردنت. مەگنیسیۆم سەلفەیت لەسەر سویتی منداڵبوون دەدرێت. ئەمەش پێویستی بە چاودێری تایبەت هەیە بۆ تۆ و کۆرپەکەت. هەروەها لەگەڵت باسی باشترین شوێن دەکەین بۆ ئەوەی منداڵەکەت لەدایك بێت.

بێگومان ئێمە هەریەکێك لەم چارەسەرانە بە تەواوی لەگەڵت باس دەکەین پێش ئەوەی بخرێنە ناو پلانی چاودێرییەکەت.

**ئایا هێشتا پێویستە ئامادەبم لە چاوپێکەوتنەکانی پێش منداڵبوونم ؟**

بەڵێ. پێویستە ئامادەبیت لە هەموو چاوپێکەوتنەکانی تری پێش منداڵبوون جگە لە سەردانکردنمان. کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە خزمەتگوزارییەکی زیادەیە. چاودێری زیاتر بۆ ژنان و ئەو کەسانەی منداڵیان دەبێت کە ئەگەری منداڵبوونی پێشوەختەیان زیاترە. جێگەی هیچ چاودێرییەکی تر ناگرێتەوە کە هەتە.

**کەی داوای ئامۆژگاری بکەم؟**

هەندێك جار نیشانە هەیە کە لەوانەیە بچیتە ناو منداڵبوون. زۆرجار نیشانەکان ڕەنگە نەبنە هۆی منداڵبوونی پێشوەختە بەڵام گرنگە داوای یارمەتی بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت ئامۆژگاری وەربگریت.

**نیشانەکانی منداڵبوونی پێشوەختە چین؟**

- گرژبوون یان توندبوونەوەی بەردەوام، کە هەست بە توندبوونی سکت زۆر دەکات.

- ئازاری جۆری بێ نوێژی واتا سوری مانگانە یان فشار لە ناوچەی زێی تۆ واتا دامێنت.

- "نمایش"ێك. ئەمەش کاتێکە کە پڵاگەکەی بەڵغەم کە لە کاتی دووگیانیدا ملی ڕەحمی تۆی داخستووە، دێتە دەرەوە و لە زێ واتا دامێنت دێتە دەرەوە.
- بە لێشاو یان دڵۆپ دڵۆپ ڕژانی شلە لە زێ واتا دامێنت، کە لەوانەیە سەرئاوەکانت بشکێت.
- پشت ئێشە کە بۆ تۆ ئاسایی نیە.

**دەبێت ڕاستەوخۆ بەو کەسە بڵێیت کە پەیوەندی پێوە دەکەیت لە نەخۆشخانە ئەگەر یەکێك یان زیاتر لەمانەی خوارەوەت بەسەر هاتووە.**

- خوێن لە زێ واتا دامێنت دەڕژێت.
- کۆرپەکەت کەمتر دەجووڵێت / زیاتر لە ئاسایی ، یان بە شێوەیەکی نائاسایی دەجووڵێت.
- سەرئاوەکانت شکاون و بۆنیان هەیە یان ڕەنگاوڕەنگن.

**ئەگەر نیگەرانیم هەبوو پەیوەندی بە کێ بکەم؟**

ئەگەر پێت وایە لەوانەیە لە منداڵبووندا بیت، پەیوەندی بە بەشی جیاکردنەوە (ترایاج) ی منداڵبوونەوە بکە. چاوەڕێی چاوپێکەوتنی داهاتوو مەکە لە کلینیکی چاودێری منداڵبوونی پێشوەختە.

- بۆ یارمەتی و ئامۆژگاری پەیوەندی بکە بە بەشی جیاکردنەوە (ترایاج)ی منداڵبوون بە ژمارە تەلەفۆنی ٠١٢٢٧٢٠٦٧٣٧.
- لە حاڵەتی نائاساییدا پەیوەندی بکە بە ژمارە ٩٩٩.

ئەم نامیلکەیە لەگەڵ نەخۆشەکان و بۆ نەخۆشەکان بەرهەم هێنراوە.

**تکایە ئاگادارمان بکەوە:**

- ئەگەر هەر پێویستیەکی دەستگەیشتنت هەیە؛ ئەمەش پێویستی بە لوپی بیستن یان بتەوێت کەسێك لەگەڵت بێت بۆ کاتەکەی.
- ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕە.
- ئەگەر پێویستیت بەم زانیاریانە بوو بە فۆرماتێکی تر (وەك زمانی نابینایان واتا برێل، فایلی دەنگی، چاپی گەورە یان خوێندنەوەی ئاسان).

**دەتوانیت لەمە ئاگادارمان بکەیتەوە بەم شێوەیە:**

- سەردانی ماڵپەری دەزگاکە.
- پەیوەندیکردن بەو ژمارەیەی کە لە سەرەوەی نامەی چاوپێکەوتنەکەتدایە.
- زیادکردنی ئەم زانیاریانە بۆ پۆرتاڵی نەخۆش.
- لە چاوپێکەوتنی داهاتوودا بە ئەندامێکی ستافەکە بڵێیت.

**هەر سکاڵا، کۆمێنت، نیگەرانی یان دەستخۆشییەك**، تکایە لەگەڵ ئەندامێکی تیمی چاودێری تەندروستی خۆت قسە بکە. یان پەیوەندی بە خزمەتگوزاری ئامۆژگاری و پەیوەندی نەخۆشەوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ٠١٢٢٧٧٨٣١٤٥ یان ئیمەیڵ.

**نەخۆش نابێت بڕە پارەیەکی زۆر یان کەلوپەلی بەنرخ بهێنێتە نەخۆشخانە** .تکایە ئاگاداربە کە نەخۆشخانەکانی ئیست کێنت هیچ بەرپرسیارێتییەك لە لەدەستدان یان زیان پێگەیشتن بە موڵك و ماڵی کەسی وەرناگرێت، مەگەر تەنها ئەگەر موڵکەکە ڕادەستی ستافی دەزگاکە کرابێت بۆ پاراستنی سەلامەتی.

**ناميلکەی زانياری زياتری نەخۆش** لە ڕێگەی مالّپەری نەخۆشخانەکانی رۆژهەڵاتی کێنت بەردەستە.

ژمارەی ڕيفرەنس: وويب ٥٦٢

يەکەم جار بڵاوکرايەوە

مانگی جونی ٢٠٢١

دوايين پێداچوونەوە

مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

بەرواری پێداچوونەوەی داهاتوو

مانگی فێبريوەری ٢٠٢٨

مافی بڵاوکردنەوە پارێزراوە لەلايەن دەزگای دامەزراوەی ئين ئيچ ئيس ی زانکۆی نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کێنت.